www.kurdistannet.org
5-11-2005 22:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وەڵامێک بۆ وڕاوەکانی مەهدی ئەبوبەکر ... هوشیار ئەحمەدی

ئەم بابەتە وەڵامی وڕاوە نوسێکە کە نە تەنیا ناتوانین نێوی نوسەری لە سەر دانین بەڵکو ئەگەر لێکوڵینەوە لە نوسینەکەشی بکەین دەتوانین لە ڕیزی هاوئیستراتیژی و هاوبەرژوەندی نەیارانی گەلە کەماندا دابینین، ماوەیەك لەمەوپێش کەسێك بە نیوی مەهدی ئەبوبەکر لە ڕۆژنامەی ئاسۆی ژمارە 150دا شتێکی بە نێوی "نانەوا یان سەرکردە" بڵاو کردۆتەوە، ناوبراو لەم نووسراوەیە یدا نەتەنیا هیچ یاساو ڕێسایکی ڕۆژنامەوانی لەبەر چاو نەگرتووە بەڵکوو پرستیژەکانی نوسەریی و ڕۆژنامەوانیشی بردۆتە ژێر پرسیار.
ناو براو بەبی هیچ بەڵگە و دیکۆمنیتکی سەلمینەر و باور پێکراو، ڕێبەریکی نەتەوەیی و سەرکردەی حیزبێکی گەورە وجی بڕوای زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستۆتە بەر تۆمەت وتانەی نەشیاو و نارەواو دماگوژییانە، ناوبراو لە وڕاوەکەیدا کە مەبەست تەنیا ئاژاوە گیڕیی و درێژە دانە بە پیلانەکانی دوژمن، واتە درێژە ی بەرنامە و پیلانەکانی کاناڵی ئاسمانی سەحەر و سایتی بازتابە کە لە خزمەت کۆماری ئیسلامی دان ئامارژە دەکا کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆەتە جی پارە کۆ کردنەوە و دزی و، سەرکردەکەی هەوڵی پارە کۆ کردنەوە دەداو کوڕەکەی کاسپی دەکاودەیان تۆمەتی نارەوای دیکە کە لە مەبەستیدایە.
بەڵام تەنانەت کەمترین بەڵگە و دیکیۆمنتێکی بۆ سەلماندنی وڕاوەکەی نەهێناوەتەوە و چەندین پرسیاری بی وەڵامی خولڤاندوە، دەبی بڵێم بە سی فاکت دەیسەلمێنم کە نوسراوەکەی جەنابت تەنانەت بۆ وەلامدانەوەش نابی.
1_ هێزی بیرکردنەوەت لاوازە و ئاستی تێگەیشتوویت زۆر نزمە.
2_ڕوانگەیەکی دۆگم و تەشاویانەت هەیە کەمەودای هەڵسەنگاندنی وردت پی نادا.
3_ بەنێوی دڵسوزیی و نشتمانپەروەریەوە چۆیتە سەنگەری نەیارانی گەلەکەمان، کە ئەو ئیدعایانەشم دەسەلمێنم بۆ ڕەدی ئیدیعاکانی من دەتوانی سەرچاوە و ژێردەرەکان بەخوێنەران بناسێنی.
تەنانەت ئەوانەی سەرەتاییترین زانیاریان لەسەر حیزبی دێموکرات و کادرو پێشمەرگەی ئەو حیزبە و دێموکراسی وئازادی بیروڕا دەربڕینێك لەو حیزبەدا هەیە دەزانن کە چوکترین هەڵە لەو حیزبە دا بۆ هەر ئەندامێکی ئەو حیزبە تەنانەت سەرکردەش گەورەترین هەڵەیە و لەم حیزبەدا نە تەنیاهیچ کەس لە ڕخنە نابوێردرێت بەڵکو سەرکردایەتی دڵ ئاواڵەتر سەرنج دەدەنە ڕخنەکان.
بەلام چۆن بووە ئەم بەرێزە ئەو ڕخنە گەورانەی قۆزتوتەوە کە ئەو هەموو کادر و پێشمەرگە وشیار و ئاگایەی حیزبی دێموکرات و ئەو جەماوەرە دڵسۆزو بە شەرەفە پێان نەزانیوە جی سەسوڕمانە بۆ خەڵکی، بەڵام بە تێگەیشتنێك کە ئێمە هەمانە ئەم تۆمەتانە درێژەی بەرنامەکانی کاناڵی ئاسمانی سەحەرو سایتی بازتابی موحسێن ڕەزای و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی.
لە بەشێکی دیکەی نوسراوەکەیدا ئامارژە بە بەرگری حیزبی دێموکرات دەکا لە درێژەدان بە خوێندنی پێشمەرگەکانی و نا ئاگا لە بەرنامەو پێرەوەکانی ئەو حیزبە دەیکاتە ڕخنە بەسەر حیزبەوە و بۆ سەلماندنیشی ئیدعا دەکات پێشەوای نەمر کاتی کۆماری کوردستان لاوانی بەڕێی دەکردە هەندەران بۆ خوێندن.

پێویستە سەرنج بدەنە لێکدانەوە و تێگەیشتوویی ئەم نوسەرەو سەیرو سەمەرە کە هێشتا هەستی بە جیاوازیەکانی نێوان حیزب و حکومەت نەکردوە. مەهدی ئەبوبەکر تۆ هێشتا لە خەونی ئەسحابی کەهف دای، واتە کۆمەڵگاکەت پێشکەوتووە بەڵام تۆ زۆر بەجی ماوی.
گەرچی ئەم وڕاوەیە باییخی وەلامدانەوەی نەبوو بەڵام تەنیا مەبەستی من ئەوە بوو کە بە موتاڵایەکی بەرنامە و پروگرامی حیزب یان بە سەردانێکی حیزب و کادرو پێشمەرگەکانی پێچەوانەی ئاژاوە گێڕەکانی مەهدی ئەبوبەکر بۆ خەڵك رون بیێتەوە.
مەهدی ئەبوبەکر تۆ تەنیا تۆمەت و ناڕواییت لەسەرکردەی حیزبی دیموکرات نەداوە بەڵکوو ئەو حیزبە و ئیستا و رابردوی و جەماوەرەکەی و 60 ساڵ خەباتەکەیت بە بی هیچ بەڵگەیەکی باوڕ پێکراو سەلمێنەر، بەقسەی گیرفانی و وڕاوە بردۆە ژێر پرسیار هەر ئەوەش تۆیی لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکی شارستانی و حیزب و جەماوەرە وشیارە کەیدا شەرمەزار کردوە.

(هوشیار ئەحمەدی)
84/8/9
hoshearahmady@yahoo. com